# ڕەوشی کورد لە ئەرمینیا

## دیدارێك لەگەڵ پرۆفیسۆرو زمانزانی ئەدەبی ئەرمەنی ( چەرکەس ڕەش )

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**وەرگێرانی : لوقمان**

*** ئەی ئەرمەنەکان چی دەڵێن ؟**

ـ ئەرمەنەکان دەڵێن خاکی لاچین و قەرەباغ ، کەدێژدەبێتەوە بۆ تەنگی ئازربایجان و کەنارەکانی شاری (تەفلیس ) خاکی ئەرمەنن .

*** ئایا ئەرمەنەکان دژبەدروست بونی حکومەتی کوردستانی سوربون؟**

ـ حکومەتی کوردستانی سور بۆ ئەرمینیا سودی هەبوو،چونکە بوو بە دیوارێك لەنێوان ئەرمەن و ئازەر ، ئەوان ڕۆژێك لە ڕۆژان مەبەستیان نەبووە هیچ جۆرە ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دروست ببێ، بەلاَم ئەو کات لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بەمە رازیبون، ئەگەرنا بۆ ئەمادەنەبون حکومەت بۆ تەتەر دروستبکەن؟ کەچی نەتەوەی تریش هەن بۆ حکومەتی تایبەت بۆ ئەوان دروست نەبوو؟ لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا هێزێك نەبوو لەسۆڤیەت خۆی بەرامبەر بەستالین ڕابگرێ ، بۆیە حکومەتی کوردستانی سوور لەناو چوو و نەما ، کوردەکان دەرکران و لەوناوچەکەدا دوورخرانەوە ، کە لەسییەکان شۆرشی کورد بەرپابوو لەتورکیا، سۆڤیەت و تورك لەسەر پەیمانێك ڕێککەوتن ، بۆیە دەستیان کرد بەدەرکردنی کورد لە جێ و واری خۆیان بۆ ناوچەکانی ئاسیای ناوەراست وەك( ئەلتاس ، قرەغیزیا، کازاغستان ، تورکمانستان). لەجۆرجیا (٤٠-٥٠) گوندی کورد چۆلکرا ن.

*** ئەی کێ لە لاچین مایەوە ؟**

ـ ئەوانەی لەلاچین مانەوە یەزیدیەکان بوون، چونکە لە ترسان دەیان گووت، ئێمە ئازەرین هیچ پەیوەندیەکمان بە کوردەوە نییە، وەك دیل حسابیان بۆ دەکرا،ئەمەش لەدۆسیە تایبەتەکان دەردەکەوێ کە کورد ناچارکران ناوچەکانیان جێ بهێلن، لەسییەکان تاکو پەنجاکان خەلَکێکی زۆر لە برسان و لە سەرما مردن، لەوکاتدا زۆر لەکوردەکان خۆیان بەیەزیدی دادەنا هەتا لە ناسنامەکانیشیاندا بەهۆی ئەو وەزعە نائاسایی یە زۆر لە کوردەکان هانایان برد بۆشاخ و دۆلَەکان، ئەم رەوشە بەردەوام بووە تا شەستەکان زۆریان بەبێ ناسنامەو بەلَگەنامەی رەسمی مانەوە تاکو ئەمرۆ، کوردستانی سوور لە پێنچ شارۆچکە پێکهاتبوو ( گلیجار ، کوبتیلو، زاندیلان ، جبرایل ،لاچین ) لە ساڵی (١٩٨٨)وە کوردە نیشتمان پەروەرەکان هەلَساون بە بەرزکردنەوەی دەنگیان و داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، بەلاَم ئازەرەکان کەوتنە وێزەیان و کپ کردنەوەیان ، دواتر کەوتنە کرینی هەندێ کەسی هەلپەرستو نەفس نزم و هەندێکیشیان هەلَخەلَەتاندن .

هەر کە شەڕی قەرەباغ دەستی پێکرد، ئەرمەنەکان دەستیان بە سەر لاچیندا گرت، بۆ ئەوەی وەك داکیرکەریش دەرنەکەون، کەوتنە خۆ بۆ وروژاندنی کێشەی کورد، دواتر پەیوەندیان لەگەلَ یەکێ لە کەسایەتیە کوردەکان بەست و خەلَەتاندیان و هانیاندا بۆ گەرانەوە بۆ ئەرمینیا لە پێناو دارشتنی پرۆژەی کوردستانی سوور لە نۆژەنەوە.

*** لەوکات رێکخستنێك هەبوو بەناوی ( یەکبوون ) کە(بابایف ) سەرۆکی بوو،(مستەفایف ) جێگری بوو، باشە بۆ جێگرەکەیان هێنایەوە بۆ لاچین لە بری سەرۆکەکەی ؟**

ـ بابایف هەر لە پەنجاکانەوە لە پێناو ئۆتۆنۆمی بۆ لاچین خەباتی دەکرد، کە ئەوکات ئەرمینیا لاچینی داگیرکردبوو، بابایف پیلانەکانی ئەرمینیای جێبەجێ نەدەکرد، چونکە باش دەیزانی ئەوەی ئەوان تەنیا سیناریۆیە، بەلاَم ( مستەفایف) باش لە مەبەست و پیلانی ئەرمەنەکان نەدەگەیشت، زۆربەی زۆری رۆشنبیرانی کورد لە پیلانی ئەرمینیا گەیشتبوون، زۆریش هەولَماندا تا پێی نەخەلَتێین.

*** پێش ئەوەی ( مستەفایف) بهێننەوە بۆ ئەرمینیا، پێیان گوتبوو کە مەبەستیانە حکومەتی کوردی بە سەرکردایەتی ئەو دروست بکەن ؟**

ـ یەکەم جار هێنایانەوە دوایی کۆبونەوەیان لەگەلَ کردبوو، ئێمەش رۆشنبیرانی کورد لەناو خۆدا کۆبونەوەیەکمان کرد، کۆبونەوەکە لە مانگی مایس بوو، هەریەك لە بەرێزان ( شاکر قادر، توسن رەشید، سرف ئەشریان، کارین چاچان)، منیش ئامادەبووم، لە بیرمە نادرنادرۆفمان ئاگادارنەکردبوو، هەروەها (مستەفایف) هاتە لام گووتی برا ئەرمەنەکان خاکی ئێمەیان رزگار کرد، ئێستاش ئامادەن بیدەنەوە پێمان، بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە بچینە لایان بۆ راییکردنی کاروبارمان و دروستکردنی حکومەت .

*** ئەوانەی بەشداری کۆبونەوەکە بوون تەنیا کورد بوون ؟**

ـــ ئەرمەنـــەکانیش ئامـــادەبوون، نوێنـــەری ســـەرکردایەتی حزبـــی فـــەرمانڕەواش ئامـــادەبوو، هـــەروەها ( ئەلکـــسان ئاگۆبیـــان) ئەنـــدام پەرلـــەمانی ئـــەرمینیا ئامـــادەبوو، لـــەو کۆبونەوەیـــەدا پێویـــست بـــوو هەریـــەك لـــە ئێمـــە بەڕاشـــکاوی راو ســـەرنجەکانی بڵـــێ لـــە پێنـــاو دروستکردنی حکومەتی کوردی لە لاچین ،هەنـدێ لـە ئامـادە بـووان بـە جـۆش بـوون بـۆ ئـەم بیرۆکەیـە و بـە هـەلێکی مێـژوویان دەژمـارد دەیانگوت ئەمە نعمەتێکی خواییە بـەکوردی بەخشیوە، دواتـر کەوتنـە پیاهەڵدانی ئەرمەن و بە برای دڵسۆزی کوردیـان دەژماردن، بـەلأم مـن بەئامادەبوانم گوت: گومـانم هەیـە، هـەروەها بـە (مـستە فـایڤ)م گـوت تۆش گومانت لا دروست نەبووە دوایـی گـوتم" هیـوادارم ئـەو گومانـەی من لە جێگای خۆی نەبێ هەرچەندە هـیچ هۆکارێك نییـە لـەم گومانـەم دوورخاتـەوە، بـە ئامـادەبوانم گـووت لـە هـیچ سـەردەم و زەمـانێکم نەبیستوە گەلێك خاکێك داگیربکات و بیداتـە گـەلێکی تـر . دوای ئەمـە خۆمان ئامادە کرد کە بـڕۆین بـۆ لاچـین بـۆ راگەیانـدنی سـەربەخۆیی . ئێمە نزیکەی ٧٠-٨٠کەس دەبووین لە نێویاندا هەنـدێ قوتـابی منیـشی تیـابوو بـەدەهۆڵ و زوڕنـاو خۆشـیەوە رۆیـشتین و بەشـەو گەیـشتینە لاچـین لەبەرەبـەیانی رۆژی دوایـی چـووینە نێوشـار..شـار چـۆل و خامۆش، چۆڵ لەخەڵك و نیمچە مردووبـوو گـوێ بیـستی هـیچ نـەبووین جگـە لـە وەڕینـی سـەگ و میـاوە میـاوی پـشیلە نـەبێ، شـوێنەواری سوتان بەچاکی بەشارەوە دیاربوو، چـەند چـەکدارێکی ئەرمـەن لـەوێ بوون لێمان پرسین، کـێ ئەمـەی کردووە؟ وتیـان ئەمـە ئاکـامی شـەڕە هەر شوێنێك شەڕی لێ بێ تالأن دەبێ ئەگەر ئەرمـەن بـرای ئێمـەن ئـەو خاکەیان بۆئێمـە رزگـارکردووە خـۆ دەیـانزانی ئێمـە بـۆ ئێـرە هـاتووین باشـە بۆتالأنیـان کـردووە ئینجـا بـەو چـەکدارانەمان گـووت" کـوان کوردەکان کوردەکانی لاچین لەکوێن گوتیان راپانکردووە .

*** بۆکوێ رایان کردبوو ؟**

ـ هـەڵاتبوون بـۆ لاچـین بـەهۆی ئـەو شـەڕەی لـە ناوچـەکەدا روویـدابوو ئەگەر ئەرمەنە کان راستگۆبن لەگەڵمان کوردەکانیان دڵنیـا دەکـردەوە لە لاچین بۆ ئەوەی کالأکانیان جـێ نـەهێڵن، بـەلأم ئەرمەنـەکان هـەموو شارەکەیان تالأنکردبوو لەگەڵ تـەواوی گونـدەکانی دەوروبـەری ، ئـەوان دەمانخەڵەتێنن رۆژی دوتر ئەندام پەرەلەمانی ئەرمەن بەدوامانـدا هـاتن بـۆ لاچـین . ئینجـا کۆبونەوەیـەکمان ئەنجامـدا تیایـدا حکومـەتی کوردستانی سور راگەیەنرا. من هەستم دەکـرد ئەمـە لەراسـتیەوە دورە دوایـی راگەیانـدنی حکومـەت جـارێکی تـر کۆبونـەوە ئەرمەنیـەکان روسیەیان ئاگادارکردەوە کـەکوردەکان دەوڵـەتی کوردسـتانی سـوریان راگەیاندوە لـەکاتی گەرانـەوەم بـۆ یـەریڤان کۆمـەڵێك خـانوم بینـی کـە دەسـوتان بەمـەش شـتەکان زیـاتر رون دەبونـەوە . لـەنیو پاسـەکەدا (ئەلـسیکان ئاگۆبیـان) ئەنـدام پەرلـەمانی ئەرمـەنی لەتەنیـشت مـن دانیـشتبوو گـوتم : باشـە کوردسـتانی سـوورمان راگەیانـد. کەسـێك بەدیقەتێکەوە سەیری کردم گوتی" تۆ باش دەزانی ئەمـە درۆیـەکی گەورەیە، بەلأم بەنسبەت ئێمەی ئەرمـەن وەرقەیـەکی گـرنگ و پـڕ بایەخە تا بەهۆیەوە بەئەوروپا بڵێین لاچینمان داگیرنـەکردوە بـەڵکو کوردەکان داگیریان کردووە لەسەر خـاکی خۆیـان دەوڵـەتی خۆیـان دروست کردووە .

ـــ بـــەڵێ، زۆر بەســـەیری تەماشـــایان دەکـــردم و پێدەکـــەنین، ئەوسـیناریۆیەی شـۆڤینیە ئەرمەنـەکان ئەنجامیانـدا هـەروەك ئـەو کارەیە کەبراکانیان تورك . عەرەب . فارس، لەسەر کـوردی ئـەنجام دەدەن. دواتــر هەنــدێ رۆژنامــەی ئەرمــەنی دەســتیان کــرد بــە بڵاوکردنەوەی هەندێ وتار کەهەرهەمووی گاڵتە وپێکـەنین بـوون بـۆ ئێمـەی کـورد، لەووتارەکانیانـدا دەیاننووسـی" کـە ئـەوان خـاوەنی خـاکی لاچـین.. لاچـین لـەڕووی مێـژوویی خـاکی ئەوانـە، ئـەوان بەخوێنی خۆیان ئازادیاکردووەو کوردەکـان هـیچ پەیوەنـدیان بـەم خاکەوە نیە، پێمان گوتن" با هەندێك لەلاوە مەسـیحیەکان لـە سـەر ئەم خاکە بمێننـەوە بـۆ بـەرگریو پاراسـتنی، بـەلأم داوای ئێمـەیان رەت کـردەوە گوتیـان، قـەبوڵمان نییـە هـیچ مەسـیحیەك لێرەبـێ، بەلأم رێگرنین لەسەر مانەوەی هەندێ کەس کە خۆیـان ئارەزوویانـە لەســـەر مانـــەوەیان، بـــەلأم چـــۆن دەمێننـــەوە؟ لـــەپێناو چـــی دەمێننـــەوە؟ چ دەکـــەن؟ بۆئـــەوەی بمێننـــەوە تاســـەیری لوتکـــەو بەرزایەکان بکـەن؟ بـەلأم ئەرمەنـەکان هـیچ شـتێکیان نەهێـشتوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لـەلاوەکان مانـەوە بـەلأم دوایـی رۆیـشتن، هەرچـەندە (مـستەفایڤ) لەگـەڵ بۆچـوونەکانی منـدا نـەبوو، بـەلأم هەسـتی کـرد کـە ئەرمەنـەکان ئێمـەیان خەڵەتانـدووە، هـات داوای لێبوردنی کرد هەقی پێدام کەمن لە بۆچوونەکانم راست بووم.

*** پێش ئەوەی هێزەکانی ئەرمەن بچنە نێـو خـاکی لاچـین هەنـدێ پروپاگەندە هەبون گوایـە کوردەکـان لەگـەڵ ئەرمەنـەکان، شـەڕ دژی ئازەری دەکەن تـا چ رادەییەك راستە؟**

ـ ئەوانە تەنیا درۆن .

*** ئێستا ( مستەفایڤ ) لەکوێ دادەنیشێ ؟**

ـ لە یەریڤان دادەنیشێ .

*** ئێستا ( لاچین ) کەسی تیادا ماوە ؟**

ـ نەخێر کەسی تیادا نەماوە .

*** ئایا راستە کە حکومەتێك لە لاچین راگەیەنرا ؟**

ـ بـەڵێ ، ئـەو حکومەتـە دروسـت بـوو، لـە یـەکێ لـە کۆبونـەوەکان پۆســـتەکان دابەشـــکران ، دواتـــر بەیاننامەیـــەکیان بڵاوکـــردەوە . (مستەفا یڤ ) پۆستی سـەرۆکی حکومـەت و وەزارەتـی فێرکـردن و پەروەردەی پێسپێردرا. حکومەتیش پێکهاتبوو لە پۆسـتی کاروبـای کۆمەڵایـەتی و بازرگـانی و نـاوەخۆ و چـاپەمەنی و راگەیانـدن و پروپاگەنـدەو رۆشـنبیری و کـشتوکاڵ. ئـەو حکومەتـە سـەرەتا لـە

یەریڤان دروستبوو، دوایی چووین بۆ دەشتایەکانی لاچین لەوێش بەیەك دەنگ هاوارمان دەکرد، بژی کوردستان، دەوڵەت لەو خاکەوە دروست دەبێ کە خەڵکی لێ بێ، بێگومان ناکرێ حکومەت و دەوڵەت بەبێ گەل دروست ببێ، هەتا ئاڵای کوردستانمان هەڵدابوو، بەڵام دایانبەزاند، لێرەدا پێویستە قسە لەسەر چۆلکردنی لاچین بکەین، هەرچەندە سروشتی جوگرافیای لاچین گەلێك تایبەتمەندی هەیە، کە دەکرێ خەڵكێکی کەمی تیابپارێزرێ و بەرگری لێ بکرێ لە هەر هێرش و پەلامارێك.

*** ئازەریەکان چییان کرد ؟**

ـ ئازەرەکان بە ئەنقەست لاچینیان جێهێشت بەبێ هیچ بەرگریەك، وایان مەزەندە دەکرد کە کوردەکان لە لاچین دەچنە پاڵ ئەرمەنەکان و یارمەتیان دەدەن بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە، لێپرسراوی پۆلیس پێش هەموو کەسێك هەڵات، ئازەرەکان هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکرد، بەو هیوایە بوون هەموو خەڵك رابکات بۆ ئەوەی لاچین چۆڵبکری، بۆیە کە ئەرمەنەکان هاتن لاچین چۆلکرابوو، ئەرمەنەکان کۆمەڵێك خەڵكی کوردو ئازەریان گرت کە هەڵاتبوون دایانە دەست ئازەرەکان، ئەگەرچی دەیانزانی بیاندەنەوە دەست ئازەرەکان دەیانکوژن، هەرچەندە کوردەکان زۆر داوایان کردبوو را دەستی ئازەرەکانیان نەکەن، بەڵام بێ ئەنجام بوو بۆیە حکومەتی ئازەربایجان دەستبەجێ هەموویانیان کوشتن، ئازەرەکان دەیانتوانی لەماوەی چەند کاتژمێرێك خاکی لاچین وەربگرنەوە، بەڵام ئەوەیان نەکرد، چونکە مەترسی ئەوەیان هەبوو جارێکی تر کوردەکان دەگەڕێنەوە.

*** ژمارەی خەڵکی لاچین چەند بوو ؟ ژمارەی کوردەکان چەند بوو؟**

– کورد شتێك نازانن لەسەر ژمارەی خۆیان، ئازەرەکانیش نایڵێن هەرچەندە گۆڕانی زۆر روویداوە لەژمارەی خەڵکەکە، زۆر گوندی کورد لەم ناوچەیەدا هەن، بەڵام دانیشتوانیان زمانی کوردی نازانن، جگە لەوانەی بەتەمەنن.

*** لەئەرمینیا هەستی نەتەوایەتی کورد بەرچاوە بۆ پاراستنی ناسنامەی کورد بوون، ئەی لەلاچین چۆنە؟**

– لەلاچین ( شامل عەسکەرەۆف)هەیە کە گەورە ئەفسەری مەزنە، بەڕای من عەسکەرەۆف وبابایف ومستەفایف سەرکردەی گەورەن، بەڵام بێ سوپان ئەوکاتەی حکومەتیشمان دامەزراند ئەمە حاڵمان بوو.

*** هیچ پەیامێکت هەیە تا لەرێگای رۆژنامەکەمانەوە بگەیەنینە گەلی کوردستان ؟**

– من لەو بڕوایەدام جارێکی تر بەیەکتر شاد دەبینەوە بۆ گفتوگۆ کردن، بەڵام داواکارم لەکوردستاندا گرنگی زۆر بەرۆشنبیرانی کوردی سۆڤیەت بدرێ بێگومان ئەوە شتێکی باشە بەڵام پێویستە باش بناسرێن بۆ ئەوەی پێیانەوە نەخەڵەتێین .

*** مەبەستت ئەو نوسەرو کوردانەی ئەرمینیایە لەو کاتەی کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمان یان دەچن بۆ هەندەران لەترسی خۆیان مەینەت وئازاری کورد روون ناکەنەوە ؟**

– نەك تەنیا لەبەرترسی خۆیان، بەڵکو لە پێناو پاراستنی پلەو بەرژەوەندیەکانیان، ئێمە هەندێکیان دەناسین کە دێنەوە بۆ نیشتمان یان دەچن بۆ ئەوروپا گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان بایەخیان پێ دەدەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن، بەڵام ئێمە باشتر دەیانناسین، چونکە ئەوان ئەوەنین کە باس دەکرێن، بەڵکو ئەوانە بەدوای بازرگانی خۆیانەوە وێڵن.

*** باسی زۆرداری ودووژمنکاری ئەرمەنت کرد بەرامبەر بەکورد ، بەرای ئێوە کورد دەتوانێت چی بکات لەدەرەوە تا بۆتانی بکەن؟**

– بەداخەوە ئەو کوردانەی لەئەوروپان چەواشەکراون، چونکە لەهەفتا ساڵی رابردوودا گەلێك پەرتووك دەرچوون دەڵێن کورد و ئەرمەن بران، ئەم پەرتووکانە راستیەکان چەواشە دەکەن و تەنانەت زۆرداری ئەرمەن لەسەر کورد دەشارنەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەرمەنەکان تێبگەن کە کورد تەنیا نیە پێویستە بزانن بەشێکن لەکوردستانی گەورەو بزانن سی ملیۆن کوردیان لەگەڵە، کە کوردێك لە ئەرمینیا دەکوژرێت، ئایا دەبێ خوێنی بەفیڕۆبڕوات؟ جێگەی داخ نیە کەسێك وەك سەعید ئیبۆ بکوژرێت وکوردەکان بێ دەنگ دەبن، ئەمڕۆ کەسێك نەماوە لە ئەرمینیا کە بڵێ من کوردم جگە لەوانەی خۆیان بە یەزیدی دادەنێن، لەوێ کورد دووژمنی سەرەکی خۆیەتی هەروەك هاوڕێی راستەقینەی کورد هەر کورد خۆیانن دووژمنان باش دەمانناسن وخاڵە لاوازەکانیشمان باش دەزانن، باشە تاکەی ئێمە بەدەستی ئەوانەوە بچەوسێینەوە تاکەی دووژمنان هەر هەوڵی دروست کردنی ناکۆکی بدەن لەنێوانمان، ئێمە بۆ دوژمن پیاوی خورت وچەلەنگین هەمووشتێکیان بۆ دەکەین هەریەك لەئێمە سەلاحەددینێکە، بەڵام چیمان کردووە بۆ گەلەکەی خۆمان، ئێمە تەنیا هەلپەرستین، لەگەڵ نەفسی خۆماندا خائینین، بۆ کوردستان هیچ نین، بەڵام بۆ تورك وعەرەب وفارس هەموو شتێکین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەزعی خۆمان رێك بخەینەوە، چونکە لەو کاتەی خوێنی یەکتر دەرێژین رەوا نیە بەخۆمان بڵێین گەل، بڕوای تەواوم بەو مناڵە هەیە کەچەك هەڵدەگرێ کە پەرتوك هەڵدەگرێ، چونکە چەك وخوێندن رزگارمان دەکەن. من بڕوادارم لەووڵاتی خۆمان دەگیرسێینەوە لەسەر خاکی باوباپیرنمان سەنگەر دروست دەکەین لەدیاربەکر بۆ زاخۆ لەعامودە بۆ مەهاباد.

**تێبینی: لە کاتێکدا چەرکەس خۆی بە دۆستی کورد زانیوە، کەچی یەزیدیەکان بە کورد دانانێ.( کوێستان )**